Kurdish (Sorani)

# لەپشت دەرگاکانی خوێندنگاوە: پوختەی ڕاپۆرت

**ڕاپۆرتێک کە لە ئایاری 2008 دا بڵاوکراوەتەوە**

'لە پشت دەرگاکانی خوێندنگاوە' ئەو زانیارییانە دەخاتە بەرچاو کە لە توێژینەوەیەکەوە بەدەست هاتوون کە وەک بەشێک لە *پڕۆژەی هەمەلایەنەی خوێندنگا دواناوەندییەکان (Inclusive Secondary Schools Project)* ئەنجام دراوە کە لە 2005 دا دەستی پێکرد، لەلایەن ئەنجومەنی پەنابەرانەوە جێبەجێ کرا و لەلایەن دامەزراوەی KPMG ەوە خەرجییەکەی مسۆگەر کرا. ئامانجی سەرەکی پڕۆژەکە بۆ توێژینەوەو تاقیکردنەوەی ڕێگای نوێی کارکردن بوو کە خوێندنگاکان دەبەستێتەوە بە گەنجانی پەنابەرو داواکاری پەنابەری، دایکوباوکیان و سەرپەرشتیارەکانیان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی پەنابەران (RCOs). ڕاپۆرتەکە دەرەنجامی ئەو قۆناغەی توێژینەوەکە تاووتوێ دەکات کە لە پێویستییەکان و گوزەرانی پەنابەران و داواکارانی پەنابەری کۆڵیوەتەوە لە پەیوەندیدا بە خوێندنی دواناوەندییەوە لە ئینگلتەرە. *پڕۆژەی هەمەلایەنەی خوێندنگا دواناوەندییەکانیش* ئەزمونی هاوبەشی پێکهێنا لەنێوان خوێندنگاکان و کۆمەڵگەی پەنابەران/ڕێکخراوە پشتگیرییەکاندا، بە نیازی ئەوەی کە فاکتەری ئەوتۆ بخەنە بەرچاو کە کاریگەری هەبێت لەسەر بەشداربوونی دایکوباوک/سەرپەرشتیاران و بونیاتنانی کاری باش. دەرەنجامەکانی توێژینەوەکەو قۆناغەکانی گەشەپێدان بناغەی کۆمەڵە سەرچاوەیەکی دانا بۆ خوێندنگاکان و کۆمەڵگەی پەنابەران/ڕێکخراوە پشتگیرییەکان بۆ زیادکردنی بەشداربوونی کۆمەڵگەی پەنابەران لە پەروەردەکردنی گەنجانی پەنابەرو داواکاری پەنابەریدا.

توێژینەوەکە کە لە ڕاپۆرتەکەدا تاووتوێ کراوە پێکهاتووە لە 70 چاوپێکەوتنی قووڵ، و ڕووپێوی پرسیارنامە لەگەڵ RCO کان، خوێندنگا دواناوەندییەکان و دەسەڵاتە خۆجێیەکان، بۆ:

- پشکنینی گوزەران و پێویستییەکانی ئەو گروپانە
- دەستنیشان کردنی بەربەستە سەرەکییەکان لەبەردەم ئاوێتەبووندا، و
- دەستنیشان کردنی نمونەی کار کە بە ئامانجی سەرکەوتن بەسەر ئەو بەربەستانەدا ئەنجام دراوە.

پێشینەی ڕێبازی کاروباری یاسایی، وە هەروەها کڵێشەی توێژینەوەکە، لە بەشی دوو و سێدا بە دووررودرێژی تاووتوێ کراون. بەشی چوار لە ئەزموونی دایکوباوک/ سەپەرشتیاری کۆڵیوەتەوە دەربارەی پەروەردە لە ئاستی دواناوەندیدا. بەشی پێنج لەو بەربەستانەی کۆڵیوەتەوە کە لەبەردەم دەستڕاگەیشتن و بەدەستهێنانی پەروەردەدان، لە کاتێکدا بەشی شەش ئەو کارانەی دەرخستووە کە یارمەتی کۆمەڵگەی پەنابەران دەدات کە بەسەر ئەم بەربەستانەدا زاڵ ببن. ڕاپۆرتەکە بە چەند ڕێنوێنییەک کۆتایی پێدێت کە بۆ مەبەستی یارمەتیدانی خاوەن پشکەکان ئامادەکراون بۆ باشتر بەدەنگەوە هاتنی پێویستییەکانی کۆمەڵگە پەنابەرییەکان.

## ئەزمون و نزیکبوونەوە

**گەنجان** لەم توێژینەوەیەدا ئاستێکی بەرزی بەتەنگەوەهاتنی دایکوباوک/سەرپەرشتیارانیان دەستنیشان کرد، کە بەشێوەیەکی بەرچاو جۆاروجۆری تێدایە، بۆ نمونە لە کۆبوونەوەیەکی یەک جارەوە بۆ ئامادەبوونی بەردەوام. ئەگەرچی ئینگلیزی نەزانین دەکرێت بەربەستێک بێت، دایکوباوکان بەردەوام بوون لە هەوڵەکانیان بۆ ئەوەی کە نزیک

British Refugee Council, (commonly called the Refugee Council) is a company limited by guarantee
registered in England and Wales, [No 2727514] and a registered charity, [No 1014576].
Registered office: 240-250 Ferndale Road, London SW9 8BB, United Kingdom, VAT reg no: 936 519 988

بینەوە سەرباری ئەم بارە قورسەش، وە گەنجەکان بەگشتی هەستێکی زۆر ئەرێنییان هەبوو سەبارەت بەو پشتگیرییەی کە لە دایکوباوکیان/سەرپەرشتیارانیانەوە بەدەستیان هێناوە.

**دایکوباوکان/سەپەرشتیاران** ئاستی گشتی ڕەزامەندییان هەبوو لەگەڵ خوێندنگاکاندا. ئاستی بەشداربوون بەرز بوو، بەتایبەتی کاتێک کە بە پەیوەندی باش لەگەڵ خوێندنگاکان و کارگێڕانی یارمەتیدەرو سنگفراوان پشتقایم کرابوو. هەندێك لە دایکوباوکان/سەرپەرشتیاران چەند ڕێگایەکیان پێشنیار کرد کە بەو هۆیەوە دەکرێت نزیکبوونەوە بەهێزتر بکرێت، بۆ نمونە لەڕێگای پەیوەندی باشتر و ئاگادارکردنەوە لە دەرەنجامەکان لەلایەن خوێندنگاکانەوە.

**خوێندنگاکان** بەشداربوونی کاریگەریان وەک فاکتەرێکی گرنگ دەستنیشان کرد لە باری گشتی خۆشگوزەرانی و دەستکەوتەکانی گەنجاندا، لەگەڵ بەهێزکردنی دایکوباوکان/سەرپەرشتیاران بۆ ئەوەی لە پەروەردەی منداڵەکانیاندا بەشداربن. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەندێک خوێندنگا ئەوەیان دەستنیشان کرد کە گیروگرفتیان هەیە لە نزیکبوونەوە لەگەڵ هەندێک لە دایکوباوکان/سەرپەرشتیاراندا، و گرنگی کەشوهەوایەکی دۆستانەو سازدانی بەخێرهێنانیان وەک خاڵی گرنگ ناوزەد کرد.

**ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی پەنابەران (RCOs)** لە لێکۆڵینەوەکەدا زنجیرەیەک خزمەتگوزاری پەروەردەییان دابین کردبوو، کە لە وەڵامی ئەو پێویستییانەوە سەرچاوەیان گرتبوو کە پێشکەشیان کرابوون، بە خەمی ئەوەوە کە خوێندکاران لە ئاستی نزمدا بن، و پێویستی پشتگیری لە کاری خوێندنگا و کێشەکانی هەڵسوکەوتدا. RCO کان هەروەها بەرزکردنەوەی ئاستی دەستکەوتەکان، دەستپێشخەری بۆ بەرەوپێش بردنی کەلەپوورو زمان، وە یاریدەدانی دایکوباوکان/سەرپەرشتیاران بۆ ئەوەی کە لەگەڵ کۆمەڵگادا ئاوێتە ببن لە ڕێگای فێرکردنی ئینگلیزییەوە. RCO کان بە تایبەتی پێیان لەسەر گرنگی پشتگیری دایکوباوکان/سەرپەرشتیاران داگرت، چونکە لە هەندێک باردا وا دیارە کە ئاوێتەبوون بۆ ئەوان سەختترە وەک لە منداڵەکانیان.

## بەربەستەکانی بەردەم تێکەڵاوبوون

توێژینەوەکە ژمارەیەک بەربەستی سەرەکی دەستنیشان کرد کە دەتوانن بەر لە تێکەڵاوبوونی کاریگەری گەنجانی پەنابەر و داواکاری پەنابەری و دایکوباوکیان/سەرپەرشتیارانیان بگرن لە خوێندنی دواناوەندیدا.

- وەڵامدەرەوەکان زنجیرەیەک **گیروگرفتی سەختیان هەبوو لە بەدەستهێنانی شوێن لە خوێندنگادا**، بە دواکەوتنی زۆرەوە (تاڕادەی حەوت مانگ) لە چاوەڕوانیدا بۆ شوێن. ئەو پشتگیرییەی کە لە زنجیرەیەکی فراوان سەرچاوەوە دابینکرابوو نەیتوانی بۆ زۆر لە وەڵامدەرەوەکان بەر لەو دواکەوتنانە بگرێت.
- **ملهوڕی و ڕەگەزپەرستی** وەک کێشەی سەرەکی لەلایەن گەنجان و RCO کانەوە باسکران. گەنجەکان باسی ئەوەیان کرد کە حەزیان نەکردووە ئەوە ئاشکرا بکەن کە پەنابەر یان داواکاری پەنابەرین، یان لەسەر ڕابوردوویان قسە بکەن لەترسی ئەوەی نەوەک ببێتە هۆی تانەوتەشەری زیاتر بۆیان. RCO کان ئەوەیان وەک کێشەیەک دەستنیشان کرد کە بەردەوام بەرەوڕوویان دەبێتەوە.
- **هەندێک خێزان باسی بەربەستی ماڵییان کرد لەبەردەم تێکەڵاوبووندا** وەک نەبوونی پشتگیری ماڵی بۆ چالاکی دوای دەوام، و کێشەی دابینکردنی کتێبی خوێندنگا، جلوبەرگی هاوشێوە وە بابەتی دیکەی تایبەت بە خوێندنگا. ئەمە کاریگەرییەکی نەرێنیانەی هەبووە لەسەر تواناکانی گەنجان بۆ ئەوەی کە لە ناو خوێندنگاکانیاندا ئاوێتە ببن.
- **RCO کان هەروەها باسی نەبوونی هۆکاریان کرد** کە بووەتە هۆی کێشە لە دابینکردنی داهات بۆ خزمەتگوزارییە پەروەردەییەکان، و لە دۆزینەوەی شوێنی خۆڕایی یان هەرزاندا بۆ جێبەجێکردنی خزمەتگوزارییەکان. داهات بۆ یارمەتیدانی تێکەڵاوبوون بەزۆری تەمەنی کورت بووە، هەر بۆیە کاتێک چالاکییەکان هەبوون، ئەمە کاریگەرییەکانیانی سنوردار کردووە.
- RCO کان و خوێندنگاکان هەردووکیان پێکەوە تووشی کێشەی **بەربەستی هۆکار بوون بۆ دابینکردنی ڕاهێنانی کاریگەر** بۆ کارگێڕان و مامۆستاکان، کە ئەمەش بووەتە هۆی سنوردارکردنی تواناکانیان بۆ دابینکردنی ئامۆژگاری ڕێکوپێک و گونجاو یان بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری مامۆستاکان.
- نەبوونی توانای تێگەیشتنی زمانی ئینگلیزی گەورەترین بەربەست بووە لەبەردەم نزیکبوونەوە لە دایکوباوکان/سەرپەرشتیاران لە پرۆسەی پەروەردەییدا. خوێندنگاکان باسی **کێشەیان کردووە لە قسەوباسکردن لەسەر چالاکی و بەرەوپێشچوونی خوێندکارەکان**، بەتایبەتی کاتێک کە پشت دەبەستن بە **گەنجان وەک وەرگێڕ.**

- **سیستەمی پەنابەری شانشینی یەکگرتووش** خۆی لەخۆیدا ژمارەیەک بەربەستی درووست کردووە، بەو دڵنیانەبوون و دڵەڕاوکەوە کە ئەو داواکاری پەنابارییانەی ئێستا لە خوێندنگادان پێوەی دەناڵێنن، نەخوازەڵا ترسی دەرکرانیش. پشت بەستن بە پەرشوبڵاوکردنیان و دانانیان لە خانووبەرەی کاتیدا مانای ئەوەیە کە **منداڵ ناچارکراون کە چار لەدوای چار بگوێزرێنەوە بۆ خوێندنگای نوێ** کە ئەوەش دەبێتە هۆی کاریگەرییەکی نەرێنی قووڵ لەسەر توانای ئاوێتەبوونیان لەناو کۆمەڵگادا، بۆ پاراستنی هاوڕێیەتی و بەدەستهێنانی پشتگیری ناوچەو گەڕەکەکان.
- **بەسەرهاتی دڵەخورپەو هەڵهاتن** کاریگەری قووڵی دەبێت لەسەر هەڵسوکەوتی منداڵ، بەتایبەتی لە پەیوەندییاندا بە مامۆستاکان و هاوڕێ و هاوپۆلەکانیانەوە.
- گەنجان و دایکوباوکان/سەرپەرشتیاران **بەدەست ئاشنا نەبوون بە سیستەمی خوێندنگاوە دەناڵێنن**، و زۆرجار وادەزانن کە خوێندنگاکان سەرچاوەی ترس و تۆقینن و سەریان لێدەرناکەن.
- سەرباری ئەو ڕاستییەی کە RCO کان دەکرێت بەباشی شوێنی خۆیان بگرن بۆ ئەوەی کە یارمەتی باشترکردنی ئاستی خوێندنگاکان بدەن، بەڵام دەست ڕانەگەیشتنیان بە خوێندنگاکان، هەروەها ناتوانی خوێندنگاکانیش لە دەستنیشان کردن و پەیوەندی کردن بە RCO کانەوە، دەبێتە هۆی **نەبوونی کارکردنی هاوئاهەنگ** بۆ نەهێشتنی ئەو گیروگرفتانە.

## دەستنیشان کردنی پێویستییەکانی پەنابەران و داواکارانی پەنابەری

پرۆژەکە زنجیرەیەک کاری دەستنیشان کرد بۆ وەڵامدانەوە بەو بەربەستانەی کە لەسەرەوە باسکران. ئەم کارانەش ئەمانە دەگرنەوە:

- بەدەستهێنانی باری خوێندنگای فراوانتر بۆ دابینکردنی چالاکی لە دوای تەواوبوونی دەوامی خوێندنگا لە پێناوی ئەوەی کە یارمەتی دایکوباوکان/سەرپەرشتیارانی پەنابەر بدرێت بۆ ئەوەی ڕۆڵێکی گەورەتر ببینن لە خوێندنگاو کۆمەڵگادا بەگشتی، و هەروەها بۆ نزیککردنەوەی گەنجان.
- هەندێک RCO بەسەرکەوتووی داهاتیان بەدەستهێناوە بۆ ئەوەی کە چالاکی پەروەردەیی ئەنجام بدەن.
- هەندێک خوێندنگا کارگەی پێکەوەگرێدانی ماڵ، خوێندنگا وە کۆمەڵگایان دامەزراندووە کە پەیوەندی گرنگ لەنێوان کۆمەڵگاکان و خوێندنگاکاندا دابین دەکەن. هەندێک خوێندنگا بریکاری نافەرمییان بۆ ئەو ڕۆڵە بەکارهێناوە.
- خوێندنگاکان و RCO کان باسی ئەوەیان کرد کە خوێندکارانی خاوەن ئەزموونیان بەکارهێناوە بۆ یارمەتی دانیان بۆ فێرکردن، بەخێرهێنان و پشتگیری گشتی.
- ژمارەیەکی کەمی خوێندنگاکان پەیوەندی باشیان لەگەڵ خزمەتگوزارییە تایبەتمەندەکان و ڕێکخراوەکان پێکهێناوە بۆ دابینکردنی پشتگیری کۆمەڵایەتی-دەروونناسانە بۆ ئەو گەنجانەی کە تووشی کارەساتی ناخۆش بوون.
- پشتگیری زمان وەک شتێکی بنچینەیی چاوی لێکرا، و بەزۆری لەڕێگای ڕێڕەوی سەرەکی خوێندنگاوە دابینکراوە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ژمارەیەک ڕێگای دیکەش دەستنیشان کران وەک خوێندنگای شەممانە کە لەلایەن خوێندنگاکان و RCO کانەوە دەبرێن بەڕێوە.
- هەندێک خوێندنگا باسی بابەتی وەرگێردراویان کرد بۆ دایکوباوکان/سەرپەرشتیاران و هەروەها دابینکردنی وەگێر بۆ وەرگێرانی گفتوگۆکانیان.
- زۆر خوێندنگا بەخێرهێنانی تایبەتیان دابینکردووە بۆ گەنجان و دایکوباوکان/سەرپەرشتیاران، کە بەزۆری زانیاری لەسەر پرۆسەی وەرگرتن، کۆرسی خوێندن و بواری نزیکبوونەوە لەگەڵ خوێندنگای گرتۆتە بەر. هەندێک خوێندنگا نامیلکەی وەرگێرراویان بەرهەم هێناوە کە بە تایبەت بۆ مەبەستی پێویستییەکانی گەنجە پەنابەرەکان ئامادەکراوە.
- RCO کانیش زانیارییان بۆ دایکوباوکان/سەرپەرشتیاران دابینکردووە لەسەر سیستەمی خوێندنگای ئینگلیزی، بە ئامۆژگاری ڕوو بە ڕوو وە کۆرس لەسەر چۆنێتی یارمەتیدانی منداڵەکانیان لە خوێندندا.
- هەندێک خوێندنگا ڕێبازی نزیکبوونەوەی بەردەوامیان پێکهێناوە وەک قاوە خواردنەوەی بەیانیان و وانەی بەتەنگەوەهاتن بۆ گروپەکانی کۆمەڵگەی پەنابەران.

- نمونەی کاری هەماهەنگی پێشکەشکراوە کە خوێندنگا دواناوەندییەکان و RCO کان پێکەوە کاریان کردووە بۆ باشترکردنی گوزەرانی پەروەردە بۆ گەنجانی پەنابەر و داواکاری پەنابەری، وە دایکوباوکان/سەرپەرشتیارانیان.

## دەرەنجام و ڕێنوێنییەکان

ڕاپۆرتەکە بە کۆمەڵێک ڕێنوێنیی کۆتایی هات بۆ یارمەتیدانی خاوەن پشکەکان بۆ ئەوەی باشتر بەدەنگ پێویستییەکانی کۆمەڵگە پەنابەرییەکانەوە بچن. ئەم خاوەن پشکانە خوێندنگا دواناوەندییەکان، دەسەڵاتە خۆجێییەکان، RCO کان، ڕێکخراوەکانی پشتگیری پەنابەران و دامودەزگاکانی حکومەت دەگرنەوە.

هەموو ڕاپۆرتی توێژینەوەکە، دەرەنجامی ڕووپێوییەکان و کۆمەڵە سەرچاوەیەک بۆ ئەوەی یارمەتی خوێندنگاکان و RCO کان بدات بۆ بەدەنگەوەهاتنی پێویستییەکانی منداڵانی پەنابەران وەک بەشێک لە *پڕۆژەی هەمەلایەنەی خوێندنگا دواناوەندییەکان (Inclusive Secondary Schools Project)* بەرهەم هاتووە، دەکرێت لەسەر ئەم ماڵپەڕە ببینرێت: www.refugeecouncil.org.uk/inclusiveschools